# کورتەیەک لە مێژووی بیروباوەڕەکانی کورد بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام

نووسینی: کەریم ئەحمەد تایشەیی

بەشی سێیەم و کۆتایی

کوردستان وەك نیشتمانێکی لە مێژینەی مرۆڤایەتی خاوەن کلتورێکی شارستانی دێرینە و شوێنەواری چەندین ئایین و ئایینزا و بیروباوەڕی جۆراوجۆری سەردەمە مێژوویییە جیاوازەکان بووە ، بەشێکی گەورەی ئەم نیشتمانەش سەردەمانێك لە ژێر دەسەلاتی ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بووە ، بۆیە ئاسایی دەبێ گۆڕانکارییە زەقەکانی بوارە جیاوازەکانی ژیانی ئەو ئیمپراتۆریەتە کاریگەری راستەوخۆی لە مەڕ کۆمەڵگای کوردی نواندبێ ، لە نێویشیاندا بوارێکی هەستیاری وەك ئایین کە راستەوخۆ پەیوەندی بە ژیانی مرۆڤەوە هەیە ، بۆیە کوردستان بە هەمان کەش و بار کاریگەر بووە و لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ژیانی ئەو ئیمپراتۆریەتە گۆڕانی بەسەر داهاتووە ، چونکە کورد هاوبەشی و هاوکاری کارا و کاریگەری لە سیستەمی حوکمڕانی



ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا بینیوە ، هەر لە لایەنەکانی سەربازی ، جەنگی،.. تاد.

دیارە زۆرینەی کورد وەکو گەلانی نێو ئەو ئیمپراتۆریەتە لە سەر ئایینی زەردەشتی بوون (ئایینی فەرمی ئیمپراتۆر) ، بەلاّم بەداهاتی ئایینی مانی گۆڕانێك لە بیروباوەڕیان دروست دەبێ با بە کورتی لەو ئایینە بدوێین:

## مانیزم و پەیوەندی بە کوردەوە

ئەوەی لە بەشی سێیەم و کۆتایی ئەم بابەتەدا بەهەند دەزانین و لێی بدوێین ، ئایینی مانی کاریگەریەتی لەسەر کۆمەڵگای کوردییە ، داهاتن و گەشەکردنی مانی بۆ ئایینەکەی لەسەردەمی فەرمانرەوایی (ئەردەشێری بابەکان ٢٢٦ - ٢٤١ ز) بوو ، کە خۆی وەك پەیامبەرێك راگەیاند ، مانی کاتێك لەسەرەتادا دەستی کرد بە بانگەشە بۆ ئایینەکەی لە نێو ئیمپراتۆریەتی ساسانیدا سەرکەوتوو نەبوو ، بۆیە ناچار رووی کردە هیندستان و لەوێ چەندین کۆمەڵی بۆ بانگەوازەکەی پێکهێنا ، پاش گەڕانەوەی لە هیندستان بە کارێکی گرنگ هەستا ، ئەویش برایەکی شاپووری یەکەم بە ناوی (پیرۆز) یان (فەیروز) کە فەرمانڕەوایی ناوچەی (قوچان) بوو ، توانی بیکات بە مانی ، بەم کارەش بەرپرسێك و ئەندامێکی بنەماڵەی ساسانی باوەڕی پێهێنا و رێگەی بۆ خۆش و ئاسانبوو بۆ زیاتر بلاّوکردنەوەی پەیامەکەی لە نێو ئیمپراتۆریەتدا ، ئایینی مانی زۆرێك شارەزایان لەسەریان



نووسیوە و توێژینەوەیان لەسەر کردووە ، میهردادی ئیزەدی لە کتێبی (ئایین و تایفە ئایینییەکان لە کوردستان)دا دەڵێ: مانی یان مانیایەتی (Manichaeism) ئەو ئایینەیە کە کەسایەتییەك بە ناوی (مانی کوڕی فاتك) لە سەردەمی (شاپووری یەکەم)ی فەرمانڕەوایی ساسانی پەیامبەرایەتی خۆی راگەیاند و کتێبێکی بە ناوی (ئەرژەنگەوە) داهێنا ، بیروباوەڕەکەی ئاوێتەیەك بوو لە باوەڕی (زەردەشتی ـ جوو ـ مەسیحی) ، بەلاّم زۆرێك لە شارەزایان پێیان وایە ، بیروباوەڕی مانی زیاتر ئاوێتەی یاخود کاریگەری هەر سێ ئایینی (زەردەشتی ـ بودی ـ مەسیحی) بووە ، بەهەرحاڵ ئەوەی گرنگە مانی بە یەکێك لە ئایینەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دادەنرێت کە لە سەرەتایی سەدەی سێی زایینی پەیدابووە و لەلایەن کەسایەتییەکی فیکری و هونەری لە ناوچەی بابل بنەماڵەیەکی ئەشکانی کە بە ( مانی کوڕی فاتك کوڕی ئەبراسام ٢١٦ -٢٢٧ ز) بانگەشەی بۆ کراوە ، ئەم ئایینە تەنها لە ئێران و کوردستاندا بە قەتیسی نەمایەوە ، بەڵکو خۆی گەیاندە زۆرێك لە کۆمەڵگاکانی ئاسیا ـ ئەفریقیا ـ ئەوروپا ، لەو ناوچانەدا شوێنکەوتوانی بۆ خۆی پەیدکرد ، باسکردنی بنەما و پرەنسیپەکانی ئەم ئایینە زۆری دەوێ وەکو لە بەشی یەکەم و دووەمی ئەم بابەتەماندا ئاماژەمان پێدا ، ئێمە دەتوانین ئاماژە بە چەند خاڵێکی سەرەکی ئەو ئایینە بدەین لەگەڵ ئەوەی پەیوەندی بە گەلەکەمانەوە هەیە لە دوور و نزیکەوە زیاتر جەختی لەسەر بکەینەوە ، بۆ ئەوەی هیچ نەبێ چەمکێك لە



بیروباوەڕی نەتەوەکەمان لە مێژوودا شارەزابین و خۆمان لە ئاستی گەلان و جیهان بە کەمتر نەزانین ، بەڵکو بتوانین بە بەڵگەوە پێیان بڵێین خاکەکەشمان بە لانکەی لە دایکبوونی زۆرێك لە ئایین و باوەڕەکانی مێژووی مرۆڤایەتی دەناسرێت.

ئایینی مانی وەکو وتمان زیاتر کاریگەری ئایینەکانی ( مەسیح ـ بودی ـ زەردەشت) بووە ، بۆ نموونە لەکاتی بوون بە مانی ، وەرگرتنی ئایینەکە سێ رێچکە رەچاو دەکرا (گەورەی یەکەم ـ پیاوە کۆنەکە ـ دایکی ژیان) ، ئەمەش لە جێگای قۆناغی (باوك ـ کوڕ ـ گیانی پیرۆز)ی جوانی کە لە بەشی دووەمی ئەم وتارە لێی دوایین ، هەروەها جەخت لەسەر ژیانی ڕەبەنی و دوورکەوتنەوە لە ژیانی هاوسەرێتی دەکردەوە و باوەڕیان بە ڕۆژووگرتن هەبووە و لە مانگێکدا حەوت ڕۆژ بووە و نوێژکردنیش لە رۆژێك چوارجار و هەرجارەی ١٢ کڕنووشبردن بووە ، سەندنی باجی زەکات لە بنەما سەرەکییەکانی مانەویەت بوو ، لە رووی دۆنادۆنەوە (تناسخ الارواح)یشەوە لە ئایینی بودیەوە نزیکە ، لێکچوونیش لەگەڵ ئایینی زەردەشت لە چەند ڕوویەکەوە بوو ، وەك باوەڕبوون بە ململانێی هەردوو هێزی چاکە و خراپە ، خێر و شەڕ ، هەروەها نیوۆڕی مرۆڤی یەکەم (گیومەت)ی زەردەشتی وەرگرتبوو ، کە لە ئایینە ئاسمانییەکاندا بە (ئادەم) دەناسرێت ، رەوشتی مانەوی پێویستە لەسەر بنەمای دەم و دەستی لە ئاست وتەی بەد و خراپ بە دوور بێ لەگەڵ ئارەزووی پیس و کاری خراپ ، هەروەکو وتمان مانی لە سەردەم شاپووری یەکەم